## بۆ بەریز ئێرکی تووٚمیوٚیا وەزیري خارجي فنلاند

جەنابی ئئرکی تووٚمیوٚیا ، محبەتی بەریزتان بۆ ئیمە لە نامەکەتاندا مایەی خۆشحالی بوو، هەروەها بەرز نرخاندنی رێکخراوەکەمان لەلایەن بەریزتانەوە هەڵوێستێکی پێشبینی کراو بوو سوپاستان دەکەین .

بەڕیزم ڕیگە بدەن با وەك کەسیك کە خاوەنی دوو ڕەگەزنامەی عیراقی و فنلاندیم، وەك کەسێك کە دەردو ڕەنجی کۆمەڵگاکەم باش دەناسم، یەك جاری تر ئاوڕیك لە کیشەکانی ئەوی و ئەو ڕیگەو ڕەوشتانە بدەینەوە کە دەتوانیت دەورو کاریگەیان هەبیت لە ژیانی خەلکی عیراقی دا.
بەر لەهەرشتیك ئەوە بیلم کە من پیموایە هەروەك چۆن خەڵکی فنلاند لەسەردەمی لێدانی عیراقدا سەلماندیان کە بە تەنگ ژیان و چارەنووسی خەڵکی عیراقەوەن و نیگەران بوون لەو شەڕو وێرانکاریانەو ووتیان نا بۆ شەڕ، هەروەها ئیستە دەولەتی فنلاند فرسەتیکی گونجاوی لە بەردەمدایە کە بتوانیت رۆلیکی گاریگەرو پۆزیتیفی هەبیت لە بنیادنامەوەی کۆمەلگای مەدەنی لەعیراقدا کە ئەمە هیواو ئامانجی ئێمەشە !
هەقیقەت ئەوەیە، کە لیدانی عیراق تەنها روخانی حکومەتی دکتاتۆری سەدام حسینی بەدوای خۆیدا نەکێشا، بەلکو بێ بەدیلی ودابەشکردنی عیراق بەسەر قەوم و تایفەو دین و عەشیرەتدا، بنیادنانی هەر بنەمایەکی کۆمەلگای مەدەنی بەتاڵ دەکاتەوە. شەڕوکوشتارو نائەمنی وئیرهاب و پەرسەندنی تیرۆری ئیسلامی سیاسی، نەبوونی ماف وئازادیەکانی خەلك و پیداویستی یە سەرەتایەکانی ژیان ڕۆژانەیان وپەرەسەندنی غولی فەسادی سیاسی وئیداری و کۆمەلایەتی و ئابوری دواین بزماری خۆی بەسەر تابوتی مەرگی خەلکی عیراقدا داکوتاوە. بۆیە ئەمڕۆ دەبینین تراژیدیاکانی ژیانی خەڵکی عیراق چەند بەرابەر گەورەتربووەتەوە.
بەبڕوای من گرفتیك کەکۆمەلگای عیراقی پەلکێشکردوەتە نێو تراژیدیای سیناریویەکی رەشەوە، داگیرکاری ومانەوەی هیزەکانی ئەمەریکایە کەنەك هەربووەتە هۆی هەڵتەکاندنی بنەماکانی کومەلگایەکی مەدەنی، بەڵکو بەهانەیەکی گەورەی داوەتەدەست لایەنە تیرۆریستیەکان و پاشماوەکانی بەعس کە وەك تەرفێکی خولقێنەری تراژیدیاکانی ڕۆژانەو لەخۆین هەڵکێشانی شەقامەکانی عیراقە کە بەنرخی گیان لەدەستدانی زیاتر لە 100 هەزار ئینسان هێشتا تەواو نەبووە .
بۆیە دەکریت بلێن فەورترین خالێك کە حکومەتی فنلاند دەتوانێت دەورێکی کاریگەری تێدا ببینێت ئەوەیە کە چ لە ڕیگەی گوشاری ڕاستەوخۆوە بۆ سەر حکومەتی عیراق و چ لە ڕیگەی ولاتانی ئەوروپا یەکگرتووەوە کاریك بکریت بۆ کۆتای هێنان بەم داگیرکاریە، تا بتوانێت سەرئەنجام خەڵکی عیراق لە ژیانێکی ئینسانی بەهرمەند بکریت. ئەمەش لە ڕیگەی ڕۆشتنە دەرەوەی دەست بەجێ هێزەکانی ئەمریکا لە عیراقدایە. ئەمەش دیارە کاتیك دەتوانیت بێمەترسی بیت کە هاوپیچ هیزە فرەڕەگەزکانی( یوئێن)جێی بگریتەوەو خەریکی بنیادنانەوەی سەرلەنوێی کۆمەلگای عیراق بیت بەپشتیوانەی ئەو بزوتنەوە فراوانەی کە ئەمڕۆ لە عیراقدا لەحالی ڕێکخستن و ئامادەکردندایە بەهۆی دەوری ڕیکخراوی ( کۆنگرەی ئازادی عیراق)ەوە .کە ئەم ڕێکخراوە خەبات دەکات بۆ بنیادنانی کۆمەلگایەکی سکۆلارو مەدەنی لە عیراقدا هەروەها ئامانجی وەدەرنانی هێزەکانی ئەمریکاو دەستکۆتا کردنی هیزە تیرۆریستە ئیسلامی یەکان و کۆنە بەعسەیەکانە بەسەر ژیان گوزەرانی خەڵکی عیراقەوە.
دارشتنەوەی دەستوورە لە عیراقدا، فرسەتێکی تری لەبارە لەبەردەم حکومەتی فنلاندو ئەوروپای یەگگرتودا کردوەتەوە کە لەرێگەی تەرح و گۆشاری خۆیانەوە بۆ سەر حکومەتی کاتی عیراق جی دەستیکی گەورە لە دارشتنەوەی دەستووری عیراقدا دیاری بکەن بە قازانجی دامەزراندنی ئەو کۆمەلگا مەدەنیەی کە خواست وئامانجی حکومەتی فنلان و ئەوروپای یەکگرتووە. وە لەمبارەوە بە ڕەسمی یەت ناسینی ( جیا کردنەوەی دین لە دەولەت و فیرکردن و بارهینان بیت) خالێکی لە ڕادە بەدەر گرنگەو چونکە بوونی حکومەتیکی ئیسلامی جیاواز لەوەی کە مەترسی یەکی زۆر گەورەی بۆ سەر ژیانی خەلکی عیراق دروست دەکات هەروەها ڕیگە خۆشکەرێکی (( شەرعیش)) دەبێت بۆ دەستیکەلکردنی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیران لە نەخشەو سیاسەتەکانی ئایندەی حکومەتی عیراقدا . کە سەرەتاکانی مەترسی ئەم جورە حکومەتە هەر لە ئێستەوە بە داسەپاندنی گەڕانەوەی ژنان بۆ زیندانی مالەوەو بێبەش کردنیان لەهەر ماف وئازادیەکی فەردی و مەدەنی هەڕەشەیەکی گەورەیە بەرۆکی بە نیوی خەلکی عیراق گرتووە کە ژنانە. کە ڕەنگە تیرۆرو خۆکوشتن و خۆسووتانی زیاتر لە 2000 ژن لە ناوچەکانی کوردستانی عیراقدا لە پاش ڕوخانی حکومەتی بەعس نموونەیەکی گەورەی ئەو جەهنمەبیت کە بۆ ژنانی عیراق داخراوە. بۆیە ئەگەر حکومەتی فنلاند ئەو بارودۆخەی ژنان بە پیچەوانەی پرانسیپەکانی بنیادنانی کۆمەلگایەکی مەدەنی دەبینێتەوە، ئەوا بە دڵنیای دەبیت یەکیك لە گرنگترین هەلقەکانی کارکردن وگوشار هینانی بۆ حکومەتی عیراق لە پەیوەند بە ڕەسمی یەتدان بە (جیا کردنەوەی دین لە دەولەت وفیرکردن وبارهێنان بیت).
مەسەلەیەکی دیکە دەکریت حکومەتی فنلاند دەورێکی زۆر ئیجابی تیدا ببینیت، چارەسەکردنی کیشەی خەلکی کوردە لە عیرقدا. هەقیقەت ئەوەیە بەبۆنەی دابەشکردنی عیراق بەسەر قەوم و تایفەو قەبیلە و مەزهەبدا، هەر ڕۆژە ئەگەری تەقیقینەوەو لەخۆین هەلکێشانی جەستەی هەزاران ئینسان ئیحتمالێکی گەورەی تالەو ناکریت بەهیچ جۆریك بەفەرامۆشی بسپیریت. کە ڕەنگە تەنها چاوگیرانەوەیەکی سەرپێ یانە بەسەر ڕوداوەکانی ڕۆژانە لە شارەکانی وەك کرکوك و موسڵدا ئەو ڕاستی یە نیشان بدات کە چۆن بەبی ڕاگەیاندنی ئەو شەڕە تا ئێستا سەدان کەسی کورد زبان عەرەب زبان سەربڕاون و کوژراون و بوونەتە قوربانی کینەو قشڵی قەومپەرستی لەم ناوچانەدا. ئەمە لە کاتێکدا کە بەهۆی سیاسەت و پێکهاتەی ئەم حکومەتەوە چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی کورد لە خەونیك زیاتر هیچی تری تێدا بەدیناکرێت. لەمانەش گرنگرتر ئەوەیە کە لە ڕاپرسی یەکانی کۆتای کانونی

یەکەمی ئەم سالدا زیاتر لە 98٪ی خەلکی کورد زبان خوازیاری جیابوونەوەو پیکیهینانی دەولەتی سەربەخۆ بوون. کەواتە بۆ دەبیت لەکاتێکدا کە هاتووهاواری دیموکراسی بوونی عیراق دنیای تەنیوەتەوە هێشتا ڕێگە بە بەرپاکردنی ریفراندومێك نەدریت لە کوردستاندا تا ئەو خەڵکە مافی چارەنووسی خۆی دیار بکەن.

لەکۆتایشدا بە پیویستی دەزانم کە لەپاڵ خستنە رووی ئەم خالانەدا، ئەوەش بلیم کە بەدواچوونی ئەم سیاسەت و جیبەتگیریانە، فرسەتی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان بۆ خەلکی عیراق مسۆگەر دەکات، کە ئەمەش دەروازەیەکی گەورەو پڕ ئومێد دەبیت بۆ وروژاندی پرسەی گەڕانەوەی خۆویستانە میلوینەها پەنابەری عیراق لە ولاتانی ئەوروپاو جیهاندا .

بەهادین عمر ناسراو بە ( ڕیبوار عارف ) سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی 12 6 / 2005